# مۆدەی پانتۆڵ بۆ پاییزی ئەمساڵ



چەندین جۆری پانتۆڵ هەن و هەر شێوەیەك نەخش و دیکۆرێکە، پانتۆڵی مۆدەی پێشوو زیاتر لە جۆری جینز (کاوبۆی) بوو، لە پاییزی ئەمساڵدا، گۆڕانکاری تەواو بەسەر ئەو مۆدەدا دێت، لە بری ئەو پانتۆڵی قوماش دەبێتە جێگرەوەی جینز، چونکە وەرزی پاییز وەرزێکی تایبەتە و ڕەنگی ئەو وەرزە زیاتر زەردە و ئاسمانیشی هەورینە، هەر بۆیە پسپۆڕانی جل و بەرگ پێیانوایە، کە مۆدەی پاییز پانتۆڵی کراوە و کورت دەبێ، ئەو مۆدە بە پەلازیۆ Palazzo ناسراوە و هەروەها بێرمۆداش دەبێتە مۆدی سەرەکی ئەو وەرزە. پانتۆڵی وەرزە پاییز، شێوەی کراوە و کورتە، لەبەشی سەرەوەی وەکو کەمەردا تەسکە، پشتێنەکەشی توند و تۆڵ دەبەسترێ، لە بەشی خوارەوەشی کراوەیە و لە هەندێك پارچەشدا بە نەخش و قەد دەبێ. تۆش وەك کچێك تا لەو وەرزەدا وەك شۆخێك بیت، هەوڵبدە ئەو جۆرە پانتۆڵە بەم شێوازانە لەبەر بکەی:

دەتوانی لەگەڵ قەمیسێکی جینز بێ، تا یەکسانی لە کراوەیی و توندیی مۆدەدا بەدی بکەی، چونکە پانتۆڵەکە شۆڕە و با قەمیسەکەت توند و تۆڵ بێت. یان دەتوانی لەگەڵ تیشێرتێك لەبەری بکەی، کە ڕەنگیان لەگەڵ یەکتر جیاواز بێت، یان تەنیا لەگەڵ کراسێکی سپیی سادە، جوانترین مۆدەی دەبێت.

## چڕکردن و درێژکردنەوەی برژانگەکانت





زۆربەی کچان حەز بە برژانگی پڕ و ئەستوور دەکەن، مەبەستیشیان ئەوەیە بە دڵی خۆیان مۆدێکی جوانی لەسەر بنەخشێنن، چونکە ئەوانەی برژانگیان تەنکە، یـــان وردە، ناتوانـــن لەلای ئارایشـــتگەر بە دڵی خۆیان شـــێوازێك بخوازن، لێرەدا خانمان دەتوانن بە گیراوەی سرووشتی، یان چەند هەنگاوێك وا بکەن کە برژانگیان پڕ و گەورە دیار بکەوێت، کە لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین:

- بەکارهێنانـــی فازلین، شـــەوانە پێش خەوتن بڕێکی کەم فازلین بهێنە و لە ژێر و سەرەوەی برژانگتی بدە، لە بیریشی مەکە هەموو بەیانییەك دەم وچاوت و برژانگت بە ئاوی شلەتێن بشـــۆ، دوای ماوەیەك هەســـت بە گۆڕانکاری لە شێوە و پڕیی برژانگت دەکەیت.
- بەکارهێنانـــی ڕۆنی گەرچـــەك، ئەوەش بە هەمان شـــێوەی فازلین لە برژانـــگ دەدرێ و بە گیراوەیەکی ســـەرەکی و بەهێـــز دادەنرێ، بۆ بەهێزکـــردن و پڕکردنی برژانگ، ڕەنگـــی مووی برژانگ تۆختـــر دەکات، درێژ و پتەوتر دەبێت.
- بەکارهێنانی شیر، دەتوانی بە بەکارهێنانی شیر، برژانگت درێژ و پڕتر بکەیت، پەموویەك بهێنە و بە شیری بکە، دواتر ئەو پەمووە بە شیرە لەسەر برژانگـــت دابنێ، تا بە جوانی تەڕی دەکات و مووەکانی برژانگ ســـوود لە شیرەکە وەردەگرن، دوای ماوەی (١٥) خولەك برژانگت بە ئاوی شلەتێن بشۆ.

# گوڵ و گوڵزار ماڵەکەت ڕازاوەتر دەکات






خانمان هەردەم دەیانەوێ ماڵێکی جوان و خنجیلانەیان هەبێ، دیکۆری ماڵ وا جوانە کە سادە و ڕازاوە بێ، پســـپۆڕانی دیکۆری ماڵیش دەڵێن: ئەگەر دەتەوێ ماڵەکەت جوان و گەشـــاوە بێ لە جوانی سرووشـــتیەوە، ئەوە دەبێ گوڵ و گوڵدان و شـــەتڵی گوڵ خونچە لە زۆربەی بەشـــەکانی دیکۆری ماڵەکەتدا هەبێ. تەنانەت دەتوانی قوژبنێکی دیکۆری ماڵەکەت بە ڕەنگە سەوزە جوانەکەی گوڵ و گوڵزاری جوان ڕازاوە بکەی، لەو کاتەی تەماشای ئەو بەشە دەکەی، هەست بە دڵنەوایی کە باخچەیەکی جوان لە ژوورەوەی ماڵەکەتدا هەیە، بە تایبەت بۆ ئەوانەش پێویستی کە باخچەی ماڵیان نییە. پسپۆڕان زیاتر دەڵێن: هەوڵبدەن زیاتر گوڵ و گوڵدان لە ژووری میوان و دانیشتن دابنێن، جگە لەوەی ئەو ژوورە ڕووناکی هەتاوی بۆی دەچێ، چونکە لەلای پێشەوەی زۆربەی نەخشەی ماڵە، وا چاکە گوڵ و مەرکانەی گوڵ لەم ژوورەدا هەبێ، یان دەتوانن گوڵ لەســـەر لێواری پەنجەرە و بالکۆنەشدا دابنێن، هەندێك شوێنی ماڵیش بە دانانی شەتڵە نەمام وگوڵێك ماڵەکەت زیاتر ڕازاوە دەبێ، هەندێ شوێنیش لە ماڵەکەتدا هەن، دەتوانی گوڵی دەستکردی لێ دابنێن، هەندێك لە دیوار و بەشی دیکەی ماڵەکەت دەکرێ بە وێنەی گوڵ و گوڵزاری جوان بڕازێنیتەوە.

# جلە سەیروسەمەرەکانی کچانی ژاپۆن





لەم چەند ساڵەی رابردوو شاری تۆکیۆی ژاپۆنی کێبڕکێی شاری میلانۆی ئیتاڵی لە بواری فاشیۆن و مۆدەدا دەکات، ئەوەتا کچان و کوڕانی تۆکیۆ، لاسایی نمایشکارە ئیتاڵی و جیهانییەکان دەکەن، ئەوانەی لە میلانۆ نمایشی تایبەت دەکەن، ئەوانیش نمایشی سەر شەقام و جلی مۆدە لەبەر دەکەن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئایا جۆری ئەو جلانەی لە میلانۆی ئیتاڵیا هەیە لەگەڵ ئەو جلانەی لە تۆکیۆ هەن، هاوشێوەن! لەم وێنانەدا دەبینن کە جل و بەرگی کچانی ژاپۆنی لە چ جۆر و شێوازێکە، کە تا ئێستا بە سەیرترین جلی مۆدە دەناسرێت، جێگەی سەرسوڕمانی هەموو کەسێك کاتێك ئەو کچە شۆخ و قژ رەنگ مۆر و شین و جلی پەڕپەڕەی جیاوازیان لەبەر دەبینێت، بەم چەشنە کچانی ژاپۆن دەبنە سەیرترین کچی دنیا لە پۆشینی جل و بەرگدا، هەروەها شاری تۆکیۆش دەبێتە شاری سەمەرەی مۆدە و فاشیۆن.



## چێشتخانەیەک

ئەگەر رۆژێك بە خەیاڵتاندا هات کە جارێك لە ژێر دەریا، ئاو، یان نان بخۆن، ئەو رێگەیە سانایە و چینییەکان چارەسەریان بۆ ئەو خەیاڵەش دۆزیوەتەوە.

لە شاری تیانجینی ناوچەی هایشتانگی چینی، چێشتخانەیەك لە ژێر دەریادا کراوەتەوە، ئەو چێشتخانەیە لە ژێر ئاوێکی قووڵ دانراوە، کە بەرز و نزم دەبێتەوە، لەوکاتەی خەڵك بیانەوێ بچنە ئەو چێشتخانەیە، کە وەك غەواسەیەك وایە بۆ سەر ئاو بەرز دەبێتەوە و کاتێك خەڵکەکە دەچنە ناوی ئیدی بەرەو ژێر ئاوەکەوە

# ڕووخساری نەخشێنراو





هونەر بە هەموو بەشەکانییەوە دنیایەکە لە دەربڕین و وێنـــای جوانی سرووشـــت و تـــەواوی بوون، هونەری وێنەکێشـــان لە دنیای ئەمڕۆدا جیا لە شێوە کلاسیکییەکەی جاران لەسەر شتی جیاواز و بە شێوەی جیاواز وێنە دەکێشرێت و کێشان لەسەر هەندێ شـــتی نامۆ بووە بە شـــتێکی مۆدێرن. وێنەکێشانی سەر جەستە ڕەنگە لە شێوەی ئاڵای وڵاتان و هێماکانی خۆشەویشـــتی بۆ وڵات بووبێ لە پێشتردا، بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەو منداڵە جوانانە چۆن وێنەی گیانلەبـــەرە جیاوازەکانیان لەســـەر دەموچاویان کێشاوە، ڕەنگە ڕەهەندی شـــاراوەتر لەپشتی ئەو وێنە کێشـــانە هەبێت و تەنها ئارەزووکردن نەبێت بۆ هەڵبژاردنی جـــۆری گیانلەبەرەکان، جیا لەوە خۆشەویســـتی و حەزی ئەو منداڵانە دەردەخات بۆ گیانلەبەرێك. ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کە بەشـــێك لەو وێنانە زۆر بە زیرەکی کێشـــراون کە لەگەڵ دەم و چـــاوی منداڵەکان ڕێکبکەوێ و وەك بەشـــێکی گیانلەبەرەکە نیشان دەدرێت.



# لە ژێر ئاودا

نزم دەبێتەوە، تا دەگاتە شوێنی خۆی، بەڵام ئێستا چارەسەریان بـــۆ ئـــەو کارەش دۆزیوەتەوە و بە ئامێرێکی جـــوولاو لە نێوان چێشتخانەکە و سەر ئاو خەڵکەکە دەگوازێتەوە. ئەوەی جێگەی ســـەرنجە کاتێك لەو چێشتخانەیە دادەنیشـــیت و خواردن نۆش دەکەی، لە ســـەر و تەنیشتت و هەموو لایەك گیاندارانی دەریا و ئاویـــی دەبینی، وەك ئەوەی لەناو ژوورێکی شووشـــەدا بیت، ئەوەش خۆشترین هەســـتت پێدەبەخشێ و لە ژێرەوەی قووڵایی ئاودا نان بخۆیت و گیاندارانی ئاویش ببینی.

# هونەرێکی پەیکەرسازی سەرمەستت دەکات

ئەگەر رۆژێك بە شوێنێكی گشتیدا تێپەڕیی، لەناکاو یەکێکت بینی ســـتوونێك بە ناوەڕاستی پشتیدا دەرهاتووە، یان لاشەی لە بـــن دیواران گیر بووە، خۆت نیگەران مەکە و بزانە مەســـەلەکە چییە! چونکە ئەوە هونەرمەندی ئەمریکی (مارك جینکەنیس)ـە و کاری وادەکات کە جێگەی سەرســـوڕمانی و بایەخی هەمووان بێـــت، ئەوەتا چەندین کاری راســـتەقینەی کردووە، وەك: کچێك بەســـەر زەویدا درێژبووە و ســـتوونێك لە نێو پشتی چەقیوە، یان کەسێك هەموو جەستەی دیارە و سەری لە نێو دیواردایە.





## تابلۆ

- تابلۆیەکـــی نایابی وێنەکێشـــی هۆڵەندی (پیتەر دی هۆگۆ)یـــە، بە ناوی (گفتوگۆیەك لـــە پێش دەرگا)، ئەو وێنەکێشـــە لە ســـاڵی١٦٢٩ لە دایك بووە، لە ساڵی ١٦٨٤ کۆچی کردووە، ئەو وێنەیەی لەســـەر قوماش کێشـــاوە بە پێوانەی ٦٠ بە ٥,٧٣، هەروەها رەنگی زەیتی بەکارهێناوە، ئەو وێنەیە لە ساڵی ١٦٥٨ کێشراوە.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
ئەمڕۆ بۆ ئەنجامدانی کارەکانت کەش و هەوا لەبارەکە لەگەڵ یەکەم هەنگاودا چەند گۆڕانکارییەك لەکارو بارەکانت بەدی دەکەیت کە سوودێکی باشی لێ دەبینیت، هەوڵبدە هێمنیت بپارێزی، رۆژی خۆشیت هەینیە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
بەم زووانە بەهاوڕێکەت شاد دەبیتەوە کە دەمێکە لەیەکتر دابڕاون، چەند ساتێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەر دەبەیت، باری داراییشت روو لەباشی دەبێ، رۆژی خۆشیت سێ شەممەیە.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
دەرفەت زۆر لەبارە کە دەست بکەیت بە پێشڕەوی خۆت، چونکە هێندە وزەو توانست هەیە پرۆژەکانت بەئاکام بگەیەنیت کە زۆر ئومێدت لەسەر بوونیان ناوە، رۆژی خۆشیت شەممەیە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
ئەم چەند رۆژە کارەکانت بەشێوەیەکی باش بەرێوە ناچن، پێویستیت بەهەوڵدانی زیاتر هەیە، خۆت بەخاوەن ئەو کێشە بزانە کە رووبەڕووی یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەت دەبێتەوە، رۆژی خۆشیت شەممەیە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**
گەشەسەندنێکی بەرچاو لەزۆربەی بوارەکاندا روودەدات کە دەبێتە مایەی دڵخۆشیت، هەوڵبدە سوودی لێوەربگریت تا باری داراییت بەرەو باشتر بچیت، رۆژی خۆشیت یەك شەممەیە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
تەندروستی جەستەیی و دەروونیت بەرەو باشبوون دەچێت، پەیوەندیت لەگەڵ هاوڕێیانت تا رادەیەك باشە، ئاگاداربە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کاریان لەگەڵ دەکەیت، رۆژی خۆشیت سێ شەممەیە.

# مریشکی گۆشت ڕەش






پێشـــتر ئەگەر لە هەر شوێنێکی دنیا دیاردەیەکـــی نامۆ، یان ناوازە هەبووایە، ئـــەوا هەموومان پێمـــان نەدەزانی، یان نەماندەبینـــی، بـــەڵام لە ســـەردەمی ئێستادا شتێك لە شێوەو قەبارەی خۆی گەورەتربێت، یان نائاســـایی بێت، ئەوا هەموو دنیا بە هـــاوکاری تەکنۆلۆژیا دەیزانێت، بێگومان تا ئێســـتا گۆشتی ڕەشی مریشکت نەبینیوە، ڕەنگە بەلاتمانەوە سەیر بێت، ئاخۆ دەبێ ئەو گۆشتە چۆن بێت، یان مریشـــکەکە چۆن بێت؟ سەیر لەوەدایە ئەمجۆرە مریشـــکە پەڕی ســـپییە و گۆشتەکەی ڕەشە! ئەم مریشـــکە لە هەندێك ناوچەی ئەمریکا هەیە و نرخەکەشـــی زۆر لە مریشکی ئاسایی گرانترە، نرخی هەر مریشکێك بە لایەنی کەمەوە ٣٠٠ دۆلارە، مریشکی گۆشت ڕەش، هەمان تام و چێژی مریشـــکی ئاسایی هەیە، تەنیا لە ڕەنگەکەی جیاوازە، تا ئێســـتاش لە کوردستان مریشکی وامان نەبینیوە

## ماناى خەون

### گەشت کردن

ئەگەر لە خەودا بینیت گەشـــتت کـــردووە مانای ژیانت بـــەرەو گۆڕانکاری دەچێ، پێچەوانەی گەشـــتەکەی نێو خەونەکە، ئەگەر لە خەوەکە لە خۆشـــی بۆ ناخۆش بچی، لە ڕاســـتیدا پێچەوانە دەبێتەوە، ئەگەریش لە خۆشی بووی و گەشـــتت کرد و شوێنەکەت جێهێشـــت، لە ڕاستیدا بەرەو خۆشی دەگەی و لە کێشە و گرفت دەربازت دەبێت. ئەگەر لە خەودا ویستت یان بڕیارت دا گەشت بکەی، ئەوە مانای کارێکی تازەت دەســـت دەکەوێ و یـــان بەرەو داهاتوویەکی باش ڕێگە دەگرێ.

## وتەی ناوداران



**- ئۆگستین لە بارەی ڕاستییەوە دەڵێ:**

ڕاستی وەك شـــێر وایە، پێویست ناکات بەرگریی لێ بکەی، وازی لێ بێنە، خـــۆی دەتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکات.

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

تەندروستی جەستەیی و دەروونیت باش دەبێت پەیوەندیت لەگەڵ خێزانەکەت باش بکە، چونکە ئەوان هەرچی بکەن لەبەرژەوەندی تۆیە، ڕۆژی خۆشیت دووشەممەیە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەکاروبارەکانت بەرەو پێش دەچیت بەڵام کەمێك هەست بەماندووبوون و هیلاکی دەکەیت، هەوڵدەدەی گرفتێکی خۆشەویستی یاخود هاوڕێیەکت چارەسەر بکەی، ڕۆژی خۆشیت هەینیە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئیش و کارەکانت بەرەو باشی دەچن، بەڵام لەبواری خۆشەویستیدا کەمێك دوو دڵیت پێوە دیار دەبێت هەر بۆیە کێشەو گرفتەکانت زیاتر دەبن گەر خۆت یەکلایی نەکەیتەوە، ڕۆژی خۆشیت پێنج شەممە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەو هیواو ئاواتەی کە ماوەیەکی زۆرە خەونت پێوە دەبینی، بەم زووانە بۆت دێتەدی، پەیوەندیشت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەرە بەرە دێتەوە سەردۆخی پێشوو، ڕۆژی خۆشیت دووشەممەیە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەوڵبدە شێوازێکی گونجاو بدۆزیتەوە تا وەکو بتوانیت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت و ئەو شتە دیاری بکەیت کە خۆت ئارەزووی دەکەیت، ڕۆژی خۆشیت شەممەیە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

کەمێك گۆشەگیری باشە بۆت تا بیر لەو کارانە بکەیتەوە کە پەیوەستە بە ئایندەتەوە،، داوای یارمەتی لەهاورێکەت بکە بە تایبەتی دەربارەی گرفتە سۆزدارییەکەت، ڕۆژی خۆشیت چوار شەممەیە.